# پێغەمبەر و فەیلەسوف

کوردی

پاشماوەی بەشی یەکەم بەشی یەکەم کلیکی ئێرە بکە

هەر هەمان پرسیار دووبارە ئەبێتەوە ئەگەر ئیبراهیم خەلیل لە یۆنان لە دایک بووبا، چ گۆرانکاریەک بەسەر ئەوروپا و ڕۆژهەلات دائەهات، ئایا زنجیرە پێغەمبەرەکان کە لەنەوەی ئەو بوون بە ناو ئەوروپا بە شێوازی پێغەمبەرایەتی بلاوئەبوونەوە؟یان بە شێوازی فەیلەسوفی؟

بە پێویستی ئەزانم کە باسی چاککەری کۆمەلگا بکەم و هاوبەشی لە نێوان پێغەمبەردا باس بکەم چاککەری کۆمەلگا ئەو کەسەیە کە هەست بە ئازای کۆمەلگای خۆی ئەکات و هەوڵ ئەدا بۆ لە ناوبردنی تاریکی و ڕۆشن کردنەوەی ژیانی کۆمەلگایەکەی خۆی چاککەری کۆمەلگا هەندێ جار بیرو باوەری لەسەر بابەتێکی ئاینیە و هەندێ جاریش بیرو باوەری لەسەر بابەتێکی مادی یە.

چاککەری کۆمەلگا هەم لە ئەوروپا هاتە کایەوە هەم لە ئاسیا بەلاّم ئەوەی لەسەر بیرو باوەری ئاینی بوو لەلایان نەتەوەکانی تر بە پێغەمبەر دانران و بە نێردراوی خوا لە مێژوو ناسران بۆ نموونە زەردشت بە پێغەمبەرێکی کورد ناسراوە و ئاڤێستاش بە پەرتووکی ئەو دانراوە.

هەروەها بوزا بە کەسێکی پیرۆز دانراوە لەلایەن هیندیەکا و زۆربەی چینەیەکان کە بەشێوازی پێغەمبەر باسی لێ ئەکەن

ئەم جۆرە پێغەمبەرانە کە فەلسەفەیەکی تایبەتیان هەبووە لە ڕوانگەی خوا و پەرستنەوە، ئەمانە بە فەیلەسوف دانەنراون و لە هەمان کاتیشدا لەلایەن ئاینەکانی نەوەی ئیبراهیم هیچ بایەخێکی پێ نەدراو باس نەکرا.

ئەگەر زەردەشت پێغەمبەرێکی خوای بووە بۆچی لەلایەن ئاینی ئیسلامەوە باس نەکراوە، لێرەدا دوو بۆچوون هەیە:

یەک: زەردەشت پێغەمبەرێکی خوایی بووە بەلاّم پێغەمبەرەکانی نەوەی ئیبراهیم دانیان پێ دا نەناوە وە خواش زیاتر بەلای ئیبراهیم داچووە بەلام ئەمە لە کاری خوا ناشێت کە جیاوازی لە گەڵ کۆیلەی خۆی بکات.

دوو: زەردەشت پێغەمبەر نەبووە تەنها چاککەرێکی کۆمەلگا بووە، بەلام بۆچی زەردشت ڕێگای ئاینی هەلبژارد بۆچی ڕێگایەکی تری هەلنەبژارد واتە فەلسەفە، هەروەها دەبێ بزانین زەردەشت چ هێزێکی لە پشت بووە تاوەکو وەک پێغەمبەر مامەلە لەگەڵ خەلک بکات. ئایا سروشی زەردەشت لەکوێ وە هاتووە؟ ئایاخوا سروشی بۆ زەردەشت ناردووە؟ یاخود سروشی زەردەشت سروشێکی ناوەکی بووە تەنها لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی قوڵ بووی هاتووە و هیچ پەیوەندیەکی بە خوا نەبووە. بەلاّم دەبێ لەوە تێ بگەین بیرکردنەوەیەکی قوڵ لە خوادا دەگەی بەو ئەنجامە کە سروشت بۆ بێت؟

ئایا زەردەشت پێغەمبەری خوایی بووە یاخود چاککەری کۆمەلگا بووە؟

کەواتە بوون و درووست بوونی پێغەمبەر لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر جیاوازبووە بەلاّم بناغەکەی هێزێکی نەدیار بووە وە خۆشیان بە باشی تێنەگەیشتوونە چونکە لەسەر بناغەیەکی مەنتیقی نەبووە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

وه هەریەک لەم پێغەمبەرانە کە سەری هەڵداوە چەند بیروباوەرێکی سەرەکی لە پێغەمبەری پێشووی خۆی وەرگرتووە تاوەکو ناوی پێغەمبەرایەتی پێوە بنووسێت. بۆ نموونە پێغەمبەرەکان هەموو باس لە بەهەشت و دۆزەخ ئەکەن بۆچی؟ چونکە ئەمە یەکێکە لە خالەکانی رازی بوون کە خەلک متمانە بە ئاینەکە بکات. کەواتە بە هەموو چاککەرەکان ( ئەوانەی لە سەر بناغەی ئاینن) و پێغەمبەرەکان هاوبەشیان لەچەند خالێکی بنەڕەتی هەبووە بەلاّم ئەم خالەش بەگشتی وەک یەک نەبووە چونکە باسی بەهەشت و دوزەخ لە ئاینەکان بە شێوازی جیا جیا باس کراوە بەلاّم لە بنەڕەتەوە هەر هەموویان بڕوایان بەم دوو خاکە دوارِۆژیە هەیە پێش ئیبراهیم خەلیل بیرۆکەی بەهەشت و دوزەخ هەبووە بەلاّم هەتا گەیشتە ئاینی ئیسلام جیاوازی کەوتە نێوان باسی بەهەشت و دۆزەخ ئەو باسەی بەهەشت و دۆزەخ کە لە ئاینی ئیسلام باس کرا لە هیچ ئاینێکی تر بەم شێوەیە باس نەکرا.

وە خالێکی بنەڕەتی تر کە هەر هەموویان بڕوایان پێ یەتی ئەویش ڕۆژی زیندوو بوونەوەیە بەلاّم هەروەک بابەتەکەی بەهەشت و دوزەخ بە جیاواز باس کراوە

لێرەدا دەبێ پرسیار بکەین

باشە ئەگەر هەر هەموویان پێغەمبەری خوا بن بۆچی جیاوازی هەیە لە نێوانیان

کەواتە بۆمان دەرئەکەوێ ئاین بابەتێکی بەرماوەیە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ئەمینێتەوە، هەروەها بە پێ تێپەربوونی کات ئاین ئەگوازرێتەوە لە نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی تر بە شێوازێکی تر.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلاّم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاّویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣